زانكۆی سەلاحەدین ـ هەولێر
Salahaddin University – Erbil

# دابەشبوونی دانیشتوان لە قەزای دوكان لەنێوان ساڵانی ( ٢٠١٠-٢٠٢٢ )

توێژینەوەكە پێشكەش كراوە بە بەشی زانستە كۆمەڵایەتییەكان- زانكۆی صلاح الدین- كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی- وەكبەشێك لە پێداویستیەكانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەكالۆریۆس

ئامادەكراوە لەلایەن

سرود سعدی احمد          فیردوس فؤاد عزیز

بەسەرپەرشتی
م. هۆشمەند جوهر عباس

٢٠٢٣ز

## پێشکەشە بە

توێژینەوەکەمان پێشکەشە بە

- دایک و باوکمان کە دوو مامۆستای گەورەی پێگەیاندنی ژیانمان بوون.

- مامۆستای سەرپەرشتیار ( م. هوشمەند جوهر عباس ) .

- بەسەرجەم مامۆستاو قوتابیانی بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان.

- بەو کەسانەی کە زانست دەکەنە پێوەر بۆ خزمەتکردنی سەرجەم مرۆڤەکان.

# سوپاس و پێزانین

سوپاس و پێزانین بۆ:

- سوپاسی خوایی گەورە دەکەین کە یارمەتیتی داین بۆ تەواوکردن و ئامادەکردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

- سوپاس بێ پایانمان وڕێزی زۆرمان بۆ مامۆستای بەڕێز(م.هۆشمەند جەوهەر عەباس) کە ئەرکی سەرپەرشتی کردنی لێکۆڵینەوەکەمانی گرتە ئەستۆی خۆی.

- سوپاسی سەرجەم ئەو کەسانە دەکەین کە یارمەتیان داین بۆ تەواوکردنی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

**پێشەکی :**

جوگرافیای دانیشتوان بە یەکێک لە لقە نوێیەکانی جوگرافیا بە گشتی و جوگرافیای مرۆیی بە تایبەتی دادەنرێت بەڵام زۆر خێرا سەرنجی جوگرافیناسانی بەلای خۆیدا ڕاکێشا و گرنگییەکی زۆریان پێدا ، چونکە دوای شۆڕشی پیشەسازی کە بوو بەهۆی بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنان و وەبەرهێنانی دەرامەتە سروشتییەکان ، ئەوەش باشبوونی ئاستی ئابووری و تەندروستی دانیشتوانی لێکەوتەوە ، سەرەنجام دانیشتوان زۆر بەخێرایی گەشەیان کرد و ژمارەیان زیادی کرد، بە تایبەتی لە دوای نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەوە .

لە سەردەمی ئێستاشدا توێژینەوەکانی دانیشتوان گرنگی و بایەخێکی زۆریان هەیە ، چونکە گەشەی خێرای دانیشتوان کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و زۆربەی وولآتانی دووچاری چەند گرفتێک کردۆتەوە وەک ( نیشتەجێبوون ، فراوانبوونی خێراو بێ بەرنامەی شارەکان ، ناڕێکی دابەشبوونی ژینگەیی دانیشتوان ، کەمی خزمەتگوزاری ، خراپی تەندروستی ، برسیەتی ، هەژاری ، بێکاری ) لەبەر ئەوە زۆربەی دەوڵەتان و تەنانەت ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان گرنگی زۆریان بەو بابەتەدا ، بەو هۆیەوە هەوڵیاندا پلان بۆ زۆربوونی دانیشتوان دابنێن و سیاسەتی دانیشتوان پەیڕەو بکەن بەجۆرێک زۆربوونی دانیشتوان بگونجێت لەگەڵ دەرامەت و توانا ئابوورییەکانی دەوڵەت و دابینکردنی خزمەتگوزارییە گشتییەکان بۆیان ، هەموو ئەوانەش وایکرد توێژینەوەکانی دانیشتوان گرنگی و بایەخی زۆریان هەبێت لە بواری پلان دانانی دەوڵەتاندا .

هەڵبژاردنی قەزای دۆکان بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە لەوە سەرچاوە دەگرێت کە تا ئێستا توێژینەوەی زانستی دەربارەی دانیشتوانی قەزاکە ئەنجامنەدراوە ، وێڕای ئەوەی گۆڕانی بەرچاو لە گەشە و دابەشبوونی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە ڕوویداوە ، هۆکاری ڕامیاری و کارگێڕی ڕۆڵی سەرەکیان هەبووە لە هاتنە ئارای ئەو گۆڕانکارییانە ، جگە لەوەش ئەنجامدانی توێژینەوە دەربارەی دانیشتوانی قەزاکە ،دەبێتە سەرچاوەیەکی زانستی بۆ خستنەڕووی گشت ئەو گۆڕانکارییانەی کە بەسەر دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوەدا هاتووە ، لە ڕێگەی ئەوەش ناڕێکی و کێشەکان دەردەکەون ، دوای ئەوە دەکرێت چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزرێتەوە .

**ئامانجی توێژینەوە :**

ئامانجی توێژینەوەکە ، دیاریکردنی گۆڕانکارییە دیمۆگرافییەکانی دانیشتوانە ، کە کار ئاسانی دەکات بۆ دانانی بەرنامە و پلان بۆ پێشخستنی قەزاکە و فەراهەم کردنی باشترین خزمەتگوزاری لەسەر بنەمای جیاوازی شوێنی گەشە و دابەشبوونی دانیشتوان .

**میتۆد و ماوەی توێژینەوە :**

ئەنجامدانی هەر توێژینەوەیەکی زانستی وا دەخوازێت توێژەر میتۆدێک یان زیاتر بەکاربهێنێت ، بۆیە لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی ( شیکردنەوەی بەراوردکاری ) بەکارهاتووە.

**پلانی توێژینەوەکە:**

بۆ یەگەیشتن بە ئەنجامەکان، توێژینەوەکە دابەشکراوە بۆ پێنج بەش، بەشەکانیش بەم شێوەی خوارەوەن:

**بەشی یەکەم/** بەشی یەکەم تایبەت کراوە بۆ ناساندنی ناوچەی توێژینەوە، پێکهاتووە لە دوو باس : یەکەمیان ڕەهەندی جوگرافیا دووەمیان ڕەهەندی دیمۆگرافی قەزاکە.

**بەشی دووەم**/ لەم بەشەدا گەشەی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە خراوەتە ڕوو، کە لە دوو باسدا ڕێکخراوە: یەکەمیان تەرخانکراوە بۆ زیادبوونی سروشتی، دووەمیان تەرخانکراوە بۆ باسکردنی کۆچ.

**بەشی سێیەم/** ئەم بەشە تەرخانکراوە بۆ دابەشبوونی دانیشتوانی ناوچەی توێژینەوە، لە دوو باس پێکهاتووە : یەکەمیان پێوەرەکانی دابەشبوون، دووەمیان شێوازەکانی دابەشبوون.

**بەشی چوارەم/** ئەم بەشە تایبەت کراوە بۆ ئەو هۆکارانەی کاردەکەنە سەر دابەشبوونی دانیشتوان، لە دووباس پێکهاتووە: یەکەمیان هۆکارە سروشتیەکان ، دووەمیان هۆکارە مرۆییەکان.

**بەشی پێنجەم**/ تایبەتکراوە بۆ تایبەتمەندیەکانی دانیشتوان، پێکهاتووە لە دوو باس، یەکەمیان تایبەتمەندیە بایۆلۆژیەکان(پێکهاتەی جۆر و تەمەن و نەتەوە) دووەمیان تایبەتمەندیە شارستانیەکان ( پێکهاتەی ئایینی و ئابووری دانیشتوان) دابشکراوە.

**گرفت و ئاستەنگەکانی بەردەم توێژینەوە :**

لەکاتی ئەنجامدانی هەر توێژینەوەیەکی زانستی دا توێژەر دووچاری چەند گرفتێک و ئاستەنگێک دەبێت لەکاتی ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیەشدا توێژەر چەند گرفت و لەمپەرێکی هاتۆتە بەردەم گرنگترینیان :

١-کەمی سەرچاوەی زانستی لەسەر ناوچەی توێژینەوە بە تایبەت لەبواری توێژینەوەی ئەکادیمی بە جۆرێک تا ئێستا توێژینەوەی زانستی دەربارەی جۆگرافیای مرۆیی قەزاکە بە گشتی و جوگرافیای دانیشتوان ئەنجامنەداوە . تەنها چەند توێژینەوەیەکی بواری جوگرافیای سروشتی لەسەر بەشێکی قەزاکە ئەنجامدراوە ، ئەوانیش توێژینەوەی هایدرۆلۆجین و تایبەتن بە دەریاچەی دوکان سوودێکی ئەوتۆیان بۆ توێژینەوەکە نەبووە .

٢- لە زۆربەی فەرمانگاکانی قەزای دوکاندا داتاو ئامار و زانیاری دەربارەی قەزاکە زۆر کەم بووە ، ئەوەی کە هەشبووە وورد و زانستی نەبووە و کەموکوڕی زۆری تێدا بەدیکراوە .

٣- لە ناحیەکانی ( سورداش – چناران – خدران – بنگرد ) نووسینگەی تۆمارکردنی لە دایکبوون و مردن نییە ئەوەش ڕەنگدانەوەی هەبووە بۆ دروستکردنی کەمۆوکۆڕی داتاکانی لەدایکبوون و مردن ، وێڕای ئەوەی لەسەر ئاستی قەزا و ناحیەکانیش داتا و زانیاری دەربارەی کۆچ دەست نەکەوتووە .

٤- لە هەردوو سەرژمێری ساڵی (١٩٧٧-١٩٨٧) تەنها لەسەر ئاستی پارێزگا زانیاری دەربارەی پێکهاتەی تەمەنی دانیشتوان تۆمارکراوە ، لەسەر ئاستی قەزا و ناحیەکان ئەو جۆرە زانیارییە تۆمار نەکراوە ، بەڵام لە ئاماری دانیشتوانی ساڵی (٢٠٠٢) و پڕۆسەی گەمارۆسازی و ژمارەلێدانی ساڵی (٢٠٠٩) تەنانەت لەسەر ئاستی پارێزگاش زانیاری دەربارەی پێکهاتەی تەمەنی دانیشتوان تۆمارنەکراوە ، تەنها لەساڵی (٢٠٠٥) دا لەسەر ئاستی پارێزگای سلێمانی و قەزاکانی ئامارێک

دەربارەی پێکهاتەی تەمەنی دانیشتوان ئەنجامداوە ئەوەش گرفتی بۆ
توێژینەوە دروست کردوە و نەیتوانیوە وەک پێویست باسی پێکهاتەی تەمەنی
دانیشتوانی قەزای دوکان بکات .
٥- کەمی داتا و زانیاری دەربارەی پێکهاتەی ئابوریدانیشتوانی قەزاکە ، بە جۆرێ
ک لە هەردوە سەرژمێریساڵی (١٩٨٧،١٩٧٧) تەنها لەسەر ئاستی پارێزگا ئەو جۆ
رەزانیارییە تۆمارکراوە ،لەسەر ئاستی قەزا زانیاریتۆمارنەکراوە ،هەروەها لە ماوە
ی (٢٠٠٦-
٢٠٠٨) لە لایەنبەرێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی چەند ئاماروروویێوییەکی ئابوری
لەسەر دانیشتوانی پارێزگایسلێمانی ئەنجامدراوە، بەلام ئەنجامەکانی تەنها لەسەرئ
استی پارێزگا خراوەتە روو ، لەسەر ئاستی قەزاو ناحیەزانیارییەکانیان بلاونەکراوە
تەوە .
٦- بەهۆی هەستنەکردن بە گرنگی توێژینەوەی زانستی و نەبوونی گیانی هاوکاری
لە هەندێک فەرمانگەی قەزاکە داتا و زانیاریم پێنەدراوە ، لە کاتی سەردانی
مەیدانی توێژەر بۆ فەرمانگاکان بەهۆی ئامادەنەبوونی بەڕێوەبەری فەرمانگە یان
فەرمانبەری پەیوەندیدار بەو زانیاریانەی کە توێژەر ویستوویەتی ، ناچاری کردووە
چەند جارێک سەردانی ئەو فەرمانگەیە بکات .
لە کۆتایدا هیوادارم بە ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە خزمەتێکی زانستیم بە بەشی
جوگرافیا و دەڤەری توێژینەوە کردبێت ، سەرەتایەک بێت بۆ ئەنجامدانی چەندین
توێژینەوەی تری زانستی لەسەر ناوچەکە .